# دەبێ هێرشی وەحشیانەی سوپای ئیسرائیل بۆسەر بارەگای یاسر عرفات بکەوێتە بەردەم نەفرەتو نارِەزایەتی هەموو ئازادیخوازان!

ریبۆوار ئەحمەد

چەند رۆژ لەمەوبەر (قمه) ی عەرەبی لە بەیروت بەستراو لەسەر پیشنیاری ئەمیر عبداللەی سعود تەرحێکی تازەی بۆ ئاشتی ئاراستەی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد. هەڵبەت یاسر عرفات بە هۆی ڕێگری ڕەسمی و ئاشکراو ملهوڕانەی شارۆنەوە نەیتوانی لەم (قمه) یە ئامادەبێت. شارۆن بەم کارەی جارێکی دیکەش ئاشکراترین شێوەی فاشیزمو تیرۆریزمی دەوڵەتی نیشانی هەموو خەڵکی دنیا دایەوە. ئەوە چەند مانگە بە بەرچاوی هەموو خەڵکی دنیاوە هەموو هاتوچۆیەکی لە یاسر عرفات قەدەغەکردوەو لە نێوان چوار دیواری مقری خۆی لە (رام الله) دەست بەسەر ڕایگرتووە، ئەمە ملهوریەکی ئاشکرایە بەرامبەر سەرەتاییترین پێوانە نیونەتەوەییەکانو سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکانی خەڵکی فەلەستین.

(قمه) ی عەرەبی کە بێ یاسر عرفات بەڕێوەچوو تەرحی ئەمیر عبداللەی بۆ ئاشتی لەگەڵ ئسرائیل پەسەند کرد، ناوەڕۆکی ئەم تەرحە بریتیە لە داننان بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینو کشانەوەی ئیسرائیل لە هەموو ناوچە داگیرکراوەکان تا سنوری پێش شەڕی ١٩٦٧، لە بەرامبەر ئەمەشدا عەرەب ئیعتراف بە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات.

بەڵام دەوڵەتی شەڕخوازو فاشیستی شارۆن یەکسەر ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوەو لە جیاتی پێشوازی لەم پێشنیاری ئاشتییە، پێشوازیەکی گەرمی لە کارە تیرۆریستیەکانی باندە ئینسان کوژە ئیسلامیەکان کرد کە بەردەوام بە پێی خواستو ئارەزووی دڵی شارۆنی خوێنڕێژ بە کاری خۆکوژیو خۆ تەقاندنەوەو کوشتاری خەڵکی بێتاوانی ئیسرائیل، بەهانەو بوار بۆ قەتلو عامی وەحشیانەی خەڵکی فەلەستین لەلایەن شارۆنەوە خۆش دەکەن. بۆیە ئەم چەند ڕۆژەی دوای کۆتایی هاتنی (قمه) ی عەرەبیو دوای ئەوەی تەرحی ئەمیر عبدالله بوو بە پێشنیاری دەوڵەتانی عەرەبی، هێرشو پەلامارو ئینسان کوژیو تیرۆریزم لە فەلەستینو ئیسرائیل بەوپەڕی خۆی گەیشتوەو گۆماوی خوێن بەڕێکەوتووە. کار گەیشت بەوەی سوپای درندەی ئیسرائیل بە فەمانی شارۆنی جەلاد پەلاماری بارەگای یاسر عرفات بدات لە (رام الله) و هەم بەشیك لە بارەگەکەی ویران بکاتو هەم ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانەکانی کوشتارو بریندارو ئەسیر بکەنو ژیانی خۆیشی بخەنە مەترسی جدیەوە. ئیسرائیل لە راگەیاندنی خۆیدا تەقینەوەکانی باندە ئیسلامیەکانی کردوە بە بەهانەی ئەم وەحشیگەریەو مەبەستیەتی یەکجاری یاسر عرفات تەریك بکاتەوەو تەنانەت دەستگیری بکات. بەم جۆرە جەنگیکی هەمەلایەنەو سەرتاپاگیری دژی هەموو خەلکی فەلەستین بەریخستوەو تەنانەت ئەو ناوچانەشی داگیرکردوەتەوە کە پێشتر بەپێی ریککەوتنامەی ئۆسلۆ لێی کشابووەوە.

بەرگرتن بەم بەربەریەتە ئاشکرایەی دەولەتی شارۆن، ئەم هەنگاوە خەتەرناکە کە خەریکە لە بەرینترین ئاستدا پەرە بە جەنگی فاشیانەی قومیو دینی دەدات لە ناوچەکەداو گشت ناوچەکەی خستوەتە بەردەم مەترسی جدیەوە، پیپویستی بەوەیە کە دەست بەجێ لە ئاستی هەموو جیهاندا لەلایەن رای گشتی ئازادیخوازی دنیاوە

وەلامی توندی پێ بدریتەوە. هەر ئەم وەلامە توندە بە فاشیزمی دەولەتی ئیسرائیلو بەرگری پەیگیرانە لە مافەکانی خەلکی فەلەستین خۆی لە هەمان کاتدا وەلامە بە کردەوە فاشیستانەکانی باندە ئیسلامیەکانیش.
بەراستی ئەمڕۆژانە کێشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی یەکجار خەتەرناكو حەساسدا تێپەڕدەبێتو ڕێگاچارەی دەست بەجێ دەخوازێ. ئەمە مەسەلەیەکە ئیستا هەتا جیاواز لە پێشنیاری ئاشتی لەلایەن (قمە) ی عەرەبیەوەو جیاواز لە پەرەسەندنی تیرۆریزمی شارۆنو پەلاماردانی ملهورانەی بارەگای یاسر عرفات، بە هەموو ماناو بە هەموو بەلگەیەك پێویستی جدی خۆی نیشانداوە. هەلومەرجی جیهانی دوای ١١ی سەپتەمبەریش ئەم مەسەلەیەی هەرچی زیاتر زەقکردوەتەوە. بڕیاری (مجلس الامن) کە داوای لە ئیسرائیل کرد لە ناوچە داگیرکراوەکان بکشێتەوەو بۆ یەکەمجاریش بەرەسمی ناوی (ولاتی فەلەستین) ی هینا. ئەوەش کە ئەمریکاش نەك هەر مخالەفەتی نەنواند بەم بریارە بەلکو لە پشتی ڕاوەستاو بە ئاشکرا تەئیدی کرد. تا دەگات بەرەسمی ڕاگەیاندنی تەئیدی ئەمریکا بۆ پێشنیارەکەی ئەمیر عبداللەو هەروەها پشتیوانی توندی یەکیتی ئەوروپا هەر لەو پێشنیارە، هەموو نیشانەی حساسیەتی جدی ئەم مەسەلەیەو سەلماندنی ئەو راستیەن کە ئەم کیشەیە پیویستی بە چارەسەری خیراو گونجاو هەیە.
پێکهاتنی دەولەتی فەلەستین ڕۆژ بەڕۆژ زیاترو ئەمڕۆش لە هەموو کات زیاتر وەکو پێویستیەکی گەورە خۆی دەهێنێتەپێشەوە. ڕووداوە گەورەو پرمەترسیەکانی ئەم ڕۆژانەش پێش هەموو شتێك تەئکیدی زۆرتر لەسەر ئەمە دەکاتەوە. بۆیە سەرئەنجام ئەمڕۆ بێت یان سبەی شارۆنو هەموو نەژادپەرستانی ئیسرائیلو ئەمریکای پشتیوانیان دەبێ مل بەم مەسەلەیە بدەن. بەلام ئەمڕۆش لە هەمووکات زیاتر ئەو ئەرکە ئینسانیو ئازادیخوازانەیە لەبەردەم جەماوەری ئازادیخوازی دنیاو هێزو بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکاندا راست بوەتەوە کە بۆ هەرچی زووتر بە شکست کێشانی فاشیزمی شارۆنو پشتیوانی ئەمریکا لێی پێبنێنەمەیدان. شەڕخوازی شارۆنو پشتیوانی ئەمریکا لەم نازیە نەژادپەرستەی سەردەم دەبێ بەم جۆرە تێکبشکێت. ئەوەی کە دیسان سەرانی ئەمریکا دوای پەیامی (قمە) ی عەرەبی بۆ ئاشتیو دوای توندکردنەوەی کەمەر لەلایەن شارۆنەوە بۆ بەرێخستنی ڕووباری خوێنو پەلاماردانی بارەگای یاسر عرفات، دیسان دەیانەوێ بەرپرسایەتی ئەم تیرۆریزمە بخەنە ئەستۆی فەلەستینیەکانو یاسر عرفات مسئول دەکەن لە بەرپێگرتنی، گالتەجاریەکە بە ئینسانیەتو هەموو پیوانە ئینسانیەکان کە دەبێ ڕای گشتیو ئازادیخوازی دنیا ڕاچلەکێنێ، ئەمە جگە لە پشتیوانی ئاشکراو پاساوی پوچ بۆ جەلادیو فاشیزمی شارۆن هیچی دیکە نیە.
پیویستە دەست بەجێو بێدەنگ هەموو ئازادیخوازانو لایەنگرانی مافەکانی ئینسان بۆ نارەزایەتیو نەفرەتی توند دژی وەحشیگەریەکانی دەولەتی ئیسرائیلو پەلاماردانی بارەگای یاسر عرفاتو لە دەوری خواستی چونەدەرەوەی دەستبەجێی سوپای دڕندەی ئیسرائیل لە هەموو ناوچە داگیرکراوەکانو داننان بە دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین، لەسەراسەری دنیادا بینەمەیدان. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە هەموو توانای لەم پیناوەدا تیدەکۆشێ.

٣٠ی مارسی ٢٠٠٢